لە کۆتایی ئومەتەکەمدا خەلیفەیەک دەبێت؛ بێ سنوور پڕ بە چنگ سامان دەبەخشێت (بە خەڵکی) بەبێ ئەوەی بیژمێرێت

لە ئەبی نەزرەوە دەڵێت: لە لای جابری کوڕی عبداللەوە بووین، ووتی: نزیکە لەوەی خەڵکی عێراق قەفیز* ودرهەمیان نەنێرن (کۆی نەکەنەوە)، ووتمان: کێ بەرپرسیارە لەمە (لەم نەناردنە)؟ ووتی: ناعەرەبەکان - عەجەمەکان- ڕێگری لەمە دەکەن، پاشان ووتی: نزیکە لەوەی خەڵکی شام دینار ومودیان** نەنێرن (کۆی نەکەنەوە)، ووتمان: کێ بەرپرسیارە لەمە (لەم نەناردنە)؟ ووتی: ڕۆمەکان، پاشان بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو، پاشان ووتی: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لە کۆتایی ئومەتەکەمدا خەلیفەیەک دەبێت؛ بێ سنوور پڕ بە چنگ سامان دەبەخشێت (بە خەڵکی) بەبێ ئەوەی بیژمێرێت»، (گێڕەرەوەی فەرموودەکە) بە ئەبی نەزرە وئەبی عەلای ووت: ئایا پێتان وایە عومەری کوڕی عبد العزیز بێت، ووتیان: نەخێر.

*(قەفیز: بۆ کێشانی خۆراک وشتومەک بەکاردێت یان بەکاردەهێنرا لە عێراق)، **(مودی: بۆ کێشانی خۆراک وشتومەک بەکاردێت یان بەکاردەهێنرا لە شام)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە مسوڵمانان عێراق فەتح وڕزگار دەکەن، وشتێک بۆ کێشان وپێوان بەکاردێت بەهۆیەوە زەکات وبەخشینەکانی تر بۆ خەزێنەی ماڵی مسوڵمانان دەنێردرێت، بەڵام لە کاتی نزیکبوونەوەی قیامەت قەدەغە دەکرێت لە ناردنی ئەم زەکات وبەخشینانە؛ ئەمیش بەهۆی ئەوەی کافرەکان لە ناعەرەبەکان -عەجەمەکان- دەست بەسەر ئەم ناوچەیە دەگرن وڕێگا نادەن زەکات وبەخشین بچێتە نێو گەنجینەی ماڵی مسوڵمانان -بیت المال-، هەروەها باسی ئەوە دەکات کە مسوڵمانان شام فەتح وڕزگار دەکەن، وشتێک بۆ کێشان وپێوان بەکاردێت بەهۆیەوە زەکات وبەخشینەکانی تر بۆ خەزێنەی ماڵی مسوڵمانان دەنێردرێت، بەڵام لە کاتی نزیکبوونەوەی قیامەت قەدەغە دەکرێت لە ناردنی ئەم زەکات وبەخشینانە؛ ئەمیش بەهۆی ئەوەی کافرەکان لە ڕۆمەکان دەست بەسەر ئەم ناوچەیە دەگرن وڕێگا نادەن زەکات وبەخشین بچێتە نێو گەنجینەی ماڵی مسوڵمانان - بیت المال-، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەی کردووە لە کۆتایی ئومەتەکەمدا خەلیفەیەک دەبێت؛ بێ سنوور پڕ بە چنگ سامان دەبەخشێت بە خەڵکی بەبێ ئەوەی بیژمێرێت، واتا: بەهۆی ئەوەی ئەوەندە پارە وسامان زۆر دەبێت وخاک و وڵات ڕزگار وفەتح دەکرێت ودەبنە خاکی ئیسلام -دار الإسلام-، بۆیە ئەو خەلیفەیە بەشێوەیەک پارە وسامان دەبەخشێت بە خەڵکی هەروەکو چۆن خۆڵ لە دەستدا فڕێ دەدرێت. وگێڕەرەوەی فەرموودەکە باسی ئەوە دەکات کە پرسیاری لە هەندێک لە زانایانی تابیعین کردووە: ئایا پێتان وایە ئەو خەلیفەیە عومەری کوڕی عبد العزیز بێت؟ ووتیان: نەخێر.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11218